دەرچوونێک لە بەیانیان یان لە ئێوارەدا (بۆ جیهاد وتێکۆشان) لە پێناو خوای گەورە خێرترە لەوەی خۆری بەسەردا هەڵهاتووە وئاوابووە

لە ئەبی ئەیوبی ئەنساریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دەرچوونێک لە بەیانیان یان لە ئێوارەدا (بۆ جیهاد وتێکۆشان) لە پێناو خوای گەورە خێرترە لەوەی خۆری بەسەردا هەڵهاتووە وئاوابووە (واتا: خێرترە لە دونیا وئەوەی تێیدایە)». ولە گێڕانەوەیەکی تردا: لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دەرچوونێک لە بەیانیان یان لە ئێوارەدا (بۆ جیهاد وتێکۆشان) لە پێناو خوای گەورە خێرترە لە دونیا وئەوەی تێیدایە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم دوو فەرموودەیە باسی فەزڵی جیهاد کردنی تێدایە لە پێناو خوای گەورە، ئەگەرچیش ماوەکەی کەم بێت وەکو دەرچوونێکی بەیانیان یان ئێواران، بۆیە ئەی چی سەبارەت ئەو جیهادەی ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت بەهۆی ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن وجەنگان لە دژیان؟، وئەمیش بنچینەیە لە مەبەست لە دەستەواژەی (لە پێناو خوای گەورە): کە جەنگان دژی کافرەکان دەگرێتەوە بە دەست. وپێویستە بزانرێت فێربوون وگەڕان بە دوای زانستی شەرعیدا جۆرێکە لە جیهاد لە پێناو خوای گەورە، وسەرخستنی هەقە، وپوچەڵکردنەوەی بەڵگەی زندیق وتاوانکار ومولحیدەکان وبانگخوازە گاوڕە ڕۆژئاواییەکانە ئەوانەی کە دژایەتی ئیسلام دەکەن ودەیانەوێت ئیسلام لەناو بچێت، وئەمیش لە مەزنترین جیهاد وتێکۆشانە لە پێناو خوای گەورە. مەبەست لە جیهاد کردن وتێکۆشان؛ بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام وسەرخستنیەتی، وبۆیە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوژمنانە لە مەزنترین جۆرەکانی جیهادە لە پێناو خوای گەورە، خوای گەورە مسوڵمانان سەرکەوتوو بکەیت بۆ ئەوەی ئاینەکەیان سەربخەن و وشەی تۆ بەرز بکەنەوە؛ تۆ هەمیشە نزیکی لە بەندەکانت و وەڵامی نزاکانیان دەدەیتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2973